پیاوێک ڕوخسەتی وەرگرت بۆ ئەوەی بێت بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش فەرمووی: ڕوخسەتی پێبدەن، چەند برایەکی خراپە لە نێو هۆزەکەیدا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک ڕوخسەتی وەرگرت بۆ ئەوەی بێت بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش فەرمووی: «ڕوخسەتی پێبدەن، چەند برایەکی خراپە لە نێو هۆزەکەیدا!».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوێک ڕوخسەتی وەرگرت بۆ ئەوەی بێت بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش فەرمووی: (ڕوخسەتی پێبدەن، چەند برایەکی خراپە لە نێو هۆزەکەیدا)، وکاتێک دانیشت پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا کرد، وکاتێک پیاوەکە ڕۆیشت، عائیشە پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خودا، کاتێک پیاوەکەت بینی ئاوا وئاوات پێی ووت، وپاشان ڕوو خۆش بوویت لەگەڵیدا؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (يا عائشة، متى عَهِدْتِنِي فَحَّاشًا، إن شَرَّ الناس عند الله منزلة يوم القيامة من تركه الناس اتقاء شره) [رواه البخاري] واتە: (ئەی عائیشە، کەی بینووتە کە من جنێو بدەم ! خراپترین خەڵکی لای خوای گەورە ئەو کەسەیە کە خەڵکی لێی دوور دەکەونەوە بۆ خۆپاراستن لە شەڕ وخراپەی)، ئەم پیاوە کەسێکی خراپەکار بوو بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسیکرد لە کاتی ئامادەنەبوونی چونکە شایستەیە کە باس بکرێت بۆیە فەرمووی خراپترینی نێو بنەماڵەکەیەتی بۆئەوەی خەڵکی لە شەڕی خۆیان بپارێزن، وپێی سەرسام نەبن، ئەگەر کەسێکت بینی خراپەکارە وخەڵکی تووشی سەرسامبوون کردووە بەهۆی قسەکانی پێویستە بزانی کە پیاوێکی خراپەکارە؛ بۆئەوەی خەڵک پێی هەڵنەخەڵەتێن، چەند کەس هەیە ئەگەر گوێت لە قسەکانی بێت تووشی سەرسوڕمانت دەکات وئەگەر لاشەی ببینیت بە لاتەوە جوانە بەڵام لەڕاستیدا هیچ خێرێکی تێدا نییە، بەڵام هۆکاری باشی مامەڵەکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەرامبەر ئەو کەسە لە ڕوانگەی پاراستنی کۆمەڵگا وبەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ژیانە، ئەمە سازش کردن ودەستبەردار بوون نییە لە واجبێک یان ئەنجامدانی حەرامکراوێک چونکە سازش کردن بۆ ئەنجامدانی حەرامکراوێک یان وازهێنان لە واجبێک؛ حەرامکراوە لە هەموو حاڵەتێکدا، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَدُّوا لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ} [القلم: 9] واتە : {حەزیان دەکرد کە تۆ نەرمی نیشان بدەیت، ئەوسا ئەوانیش نەرمی (بەرانبەرت) دەنوێنن}، بەڵام باش مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێک کەس بۆ پاراستنی کۆمەڵگا وبەڕێوەبردنی کاروبارەکان بۆ بەرژەوەندیەک کە هیچ زیانێکی تێدا نەبێت؛ ئەوا ئەمە فەرمانپێکراوێکی شەرعیە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3688